کورتە وەڵام / 20 : لەوتارێکیا بەبەرواری 2017/5/2 لەڕۆژنامەی سپێدەدا، نوسەری بەتوانا مامۆستا ئەتا قەرەداخی ئە رسێ ئایا سەربەخۆیی پێویستی بەڕیفراندۆمە، یابەڕێکخستنی ناوماڵی کورد؟ منیش وەک کورتە وە مێ ئەڵێم: هیچیان!

1- سەبارەت گشتپرسی، چ بۆگێرانەوەی ناوچە داگیکراوەکان، چ بۆسەربەخۆیی کوردستان، لەدەیان ساڵ لەمەوبەرەوەو لەچەندین وتارما وتومە گشتپرسی قومارە! قوماریش یائەبرێتەوە یائەدۆڕێ، کەسی ژیریش قوماری گشتپرسی لەسەر ماڵی خۆیناکا. ئەمڕۆ 193دەوڵەتی سەربەخۆی ئەندام لەنەتەوە یەکگرتوەکانا هەیە. 13دەولەتی نائەندامیش هەن کەئەکەنە206 دەوڵەت. ئەمانە جگە لەسێوچوارێکیان، ئەوانیتر هیچیان لەڕێگەی گشتپرسییەوە سەربەخۆنەبون. هەروەها وتومە: سەربەخۆیی کوردستان هەموکاتێ کاتێتی گەرچی کاتهەیە لەکاتیتر گونجاوترە. کاتی ئێستاش لەگونجاوترین کاتەکانە.

2- سەبارەت رێکخستنی ناوماڵی کورد، بۆئەمەش هیچ نەتەوەیەک پێش سەربەخۆبونی، ئەم لایەنەی رەچاونەکردوە. لەناو هەرنەتەوەیەکا، تاکە کە ێ یا روپێ یا هیزبێ دەسپێشخەریی کردوەو سەربەخۆیی نیشتمانەکەی، بەڕێگەیەک لەڕێگەکان، راگەیانوە. هە ێ گەلو وڵاتیش لەئەنجامی شەڕە جیهانییەکانەوە، یالەئەنجامی بەرژەوەنی وڵاتانیترەوە، یالەهەر هەلێکیترا، سەربەخۆبون. نمونەی نزیک بۆئەم راستییە: مهەمەد ئەلی پاشا لەمیسر، ئەتاتورک لەتورکیا، سایکس بیکۆ دوای شەڕی جیهانیی یەکەم، گەلانی یەکێتیی سۆڤێت دوای بیرۆستڕۆیکاکەی گۆربەشۆف.. رێکخستنی ناوماڵیش بۆسەربەخۆیی، کارێکی خراپنیە، بەڵام کارێکە، لەهەمو جیهانا، زیاتر لەخەیاڵئە ێ! چونکە بەرژەوەنییە جیاوازەکان، هەمیشە رێگرن لەو ناوماڵڕێکخستنە، بەتایبەتی لەئێستەی باشوری کوردستانا کەجڵەوی کار بەدەس چەن هیزبێکەوەیەو هەر هیزبەش پەلی بەدەس نەیارێکی کوردەوەیە!. چاوەڕوانی بۆیەکبون، ئەیێتە چاوەڕوانییەکەی گۆدۆ!!

هەمو ئەیزانین، هیزبە کوردیەکانی باشوری کوردستان، یالەشەڕی تینو بەخوێنی یەکدیابون، یالەئاشتیی برسی بەسامانی میللەتابون! (تەنانەت گۆڕانیش لەزمان رێکخەرەکەیەوە وتوێتی منیش شەریکم! کەبەشداریی پەرلەمانو هوکمیشیانکرد، ئەمانیش بە ێ لەبوجەو سامانی میللەتیان بۆخۆیان پچڕی! سەرباری دەیان ملیۆن دۆلار لەمامیانو داگیرکردنی گردومردو وەرگرتنی پۆست لەئیراکی ئەرەبی!!). کەواتە هیچ چاوەڕوانیەک لەم هیزبانە ناکرێ بۆڕێکخستنی ناوماڵی کورد تا لەم ڕێگەیەوە سەربەخۆیی دەستەبەرکرێ.

مامۆستا ئەتا چاکیبۆچوە کەئە ىێ هیچکام لەهیزبە دەسپرۆیشتوەکانی کوردستان بەرنامەی سەربەخۆییاننەبوە. مەگەر هەنێجار، شەرمنانە، ناوێکی مافی چارەنوسیان ئێنابێ بێئەوەی ئامادە یان بۆکردبێ!!.

ئێستا ماوەتەوە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان کەماوەیەکە خۆیکردۆتە ئالاهەڵگری سەربەخۆیی. بابزانین ئەمەیانچیە!؟ ئایا بەڕاستیانە؟ یائەمیش هەر موزایەدەی نزیک هەڵبژاردنی گشتییە؟ دیاریشنیە ئایا تیشکێکی سەوزی نێودەوڵەتی بۆسەربەخۆیی هەیە یانا؟ هەرچەنە ئەوە مەرجێنیە بۆسەربەخۆیی. لەهەمو بارێکا دوبارەیئەکەینەوە: هەل لەمە لە ارترنابێ. پارتی ئێستا خاوەنی هێزێکی چەکداری گەورەو سامانێکی زۆرە، یەکێتیش کەدوای ئەودێ، جارجارێ لەو دەرگایەئەدا. بۆنی نەوتو گاز زلهێزەکانی کێشو گێژکردوە، ئێراک لەمە لەڕولاوازترنابێ، ئێران دۆشداماوە بەدەس ئەمریکاوە، سوریا لەگیانەڵەدایە، تورکیا بەدەس گویلەنو پەکەکەوە هیلاکەو باشورێکی شەشملیۆنیش لەخۆی ناوروژێنێ. دەی ئەمە ئەرزو ئەوەگەز. ڕۆن تاپێش هەڵبژاردنی گشتیش بۆئێوە. کەجاڕی سەربەخۆییتان خستە دوای ئەو هەڵبژاردنە بەهەر بیانویەک، ئەوە درۆتان لەگەڵ میللەتکردوەو هەمان برسیو تینوەکەی پێشترنو گوێرەکە ئەوەیە شوێنتانئەکەوێو دەنگتانئە اتێ.